# دەنگی ژن

پاشکۆی تایبەتی ڕێوان لە ئاست کەمی ژن لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی یەکگرتوی کوردستان

پێنجشەممە ٢٠٠٦/٦/١




## هەڵوەستە

### هەڵوەستە لەبەردەم دوا هەڵوێستی ڕێکخراوەکاندا.

لە هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی بەتایبەت دارشتنەوەی دەستورو بریارە یاساییەکان و دامەزراندنی هەیکەلی ئیداری حکومەت و پەرلەمان، ڕێکخراوە مەدەنیەکان وبەتایبەت ژنان هەڵوێست وەردەگرن و ئەم هەڵوێست وەرگرتنە زۆربەی کات خۆی لەچالاکی کۆروکۆبونەوە ودەرکردنی بەیاننامەی نارەزاییدا دەبینێت ئەوەشی کە جێگای سەرنجە ئەم هەڵوێستانە کاریگەری جدی نە بوە لەسەر ڕێرەوەی روداوەکان لە وگۆرانانەشی کەبوە حیزب ودەسەلات بەناراستەوخۆیی هێمایی بۆئەوە کردەوە کە ئەمە دەستکەوتی خۆیەتی نەك ڕێکخراوی فشار، دیارە قسەکردن لەمە زۆر هەڵدەگرێت وەدەکرێت هەڵوەستە لەبەر دەم دوا هەڵوێستی ئەم ڕێکخراوانەدا بکەین کە لەماوەی ١٥رۆژی ئەم مانگەدا چرترین چالاکیان ئەنجامدا لەبە رامبەر کەمی ژنان لەکابینەی پێنجەمی حکومەتدا ولەبەرامبەریشدا حکومەت وەك پیشەی خۆی خەمساردی نواند ئەم خەمساردیەش لە زاری یەکێك لە دەستەی بەرێوەبەرانی چالاکی هەفتەی هەڵوێستدا گوێبیستی بوین لەرادیۆی نەواوە.

لەو ڕوانگەیەی کە بەرئەنجامی هەموو کەموکوڕیو گەندەڵیەکان هەمووومان دەیچنینەوە لە منداڵێکەوە تا پیرەمێردێك، ئێمەی ژنانیش کە کێشەکانمان کێشەیەکی سیاسیو ئابوریو کۆمەلایەتیە بەشێکین لە پرۆسەی گۆرانکاری.پێویستە خاڵی لاوازو بەهێزی ئەم جۆرە چالاکیانە بخەینە ژێر خوێندنەوە ولێکۆڵینەوە وبۆ دەست نیشانکردنی جەوهەری گرفتەکان و باز نەدان وجیانەکردنەوە ی کێشەکان لەیەکدی، واتە بەتەنها کەمی ژنان لە پۆستە حکومیەکاندا وەرنەگرین لە کاتێکدا ئەو کێشانەی هەیە پەیوەستییەکی پتەوی لە نێوان هەموو بەشەکانی واقعی ئێمەدا هەیە.

دابڕانی کێشەکان لە یەکتر بەرئەنجامی باشی نابێت لەبەر ئەوەی ڕێزگرتنی ئەقڵی ژنو ڕێگەدان بەبونی لە پۆستە سیاسیو ئیداریەکاندا پەیوەستە بە گۆڕینی بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد لەئاست تاکدا وەك کەسێتیەکی سەربەخۆ، گەر وانەبێت بون و نەبونی ژنان هیچ لە مەسەلەکان ناگۆڕێت.

### تەشهیرکردن بەکەسەکان هێندەی زیان بەمەسەلەکان دەگەیەنن ناکەونە خزمەتیەوە

چەند گرنگە هەڵوێست وەربگرین لەئاستی ئەو کەموکوڕیانەی لەئیدارەدا هەیە، ئەوەندەش گرنگە کە هەڵوێست لەئاست ئەو نوسینانە وەربگرین کە پڕن لەتەشهیرکردن بەکەسەکانو هێندەی زیان بەمەسەلەکان دەگەیەنن بەهیچ شێوەیەك ناکەونە خزمەتیەوە، جێگای نیگەرانیشە کە ئەم ماوەیە ژمارەیەکی زۆر وتارو بابەت لەرێی قەڵەمە نەزۆکەکانەوە لەسایتو رۆژنامەکاندا بڵاوکرانەوە، بەنمونە:

هەر ئەوەندەی مهاباد قەرەداغی لەگۆڤاری گەنجاندا لەبابەتێکدا نوسیبووی بۆ نەبومە وەزیر؟ ئەمە چەندین نوسینی نازانستی بەدوای خۆیدا هێنا، کە یەکێکیان لێدوانی یەکێك لەو ژنە وەزیرانەیەو دەڵێت: من پۆستەکەی خۆم دەدەمە مهاباد قەرەداغیو هەر ئەو وەزیرەش دەڵێت خاتو مهاباد سەغڵەت بووە.

لەدەستەواژەیەکی بابەتێکی جەمال چاوشین کە لەکوردستان نێتدا بڵاوبووەتەوە نوسیویەتی "ئەوەی جێگەی سەرنجو پێویستە نێرو مێی کورد هەڵوێستەی لەسەر بکات، ئەو نامە پاڕانەوە ئامێزەیە کە مهاباد قەرەداغی بۆ سەرۆکی ئەمریکای ناردووە".

لە بابەتێکی تردا کە شاجوان هەڵەدنی لەسویدەوە لەژێر ناونیشانی نامەیەکی کراوە بۆ مهاباد قەرەداغی "دەستبەجێ لەکاربکێشەوە" کە لەدەستەواژەیەکیدا دەڵێت "ئەو نامەیەی مهاباد خان بۆ جۆرج بۆش هەستو نەستی رۆشنبیرانو نوسەرانو شاعیرانی بریندار کرد". ئەمە جگە لەچەندین نوسینی تر.

ڕێزگرتنی ئەقڵی ژنو ڕێگەدان بەبونی لە پۆستە سیاسیو ئیداریەکاندا پەیوەستە بە گۆڕینی بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد.

یەکێك لەئەرکە گرنگەکانی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان گرنگیدانە بەمنداڵان لەو روانگەیەی کە کوردستان بارودۆخی سیاسی ناجێگیر بووەو بەرەنجامی ئەمانەش ئەمرۆ منالانی کوردستان روبەرووی چەندین کێشەی ئابوریو کۆمەڵایەتی دەبنەوەو کەمترین ئاوڕیان لێدراوەتەوە.

## کاندیدکردنی ژنان ئەو مافەی باسی لێوە دەکرێتو لەودیو دەرگا داخراوەکانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت



"پاساوهێنانەوەی حیزبەکان زۆر لاوازەو تا ئێستا باس لەکامڵنەبوونو بێ توانایی ژنان دەکەن لەبەڕێوەبردنی پۆستی ئیداریو حکومیەکاندا، بەڵام ئایا ئەو پیاوانەی گەشتونەتە دەسەلات هەمویان بەتوانان"

ئەوە قسەی سۆزان عارف نوێنەری ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتو سەرۆکی هاوپەیمانی جێندەری بوو کە لەو سیمینارەدا بەشداری کردبوو لەرۆژی /٢٠٠٦/٥ دا لەشاری هەولێر بەبەشداری نوێنەری ژمارەیەك لەڕێکخراوەکانی ژنانو ڕێکخراوە مەدەنیەکانو چەند کەسایەتیو ژمارەیەك لەئەندامانی سەرکردایەتی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بەسترا ئەوەش پاش ئەوەی کابینەی ٥ی حکومەت راگەیەند راگەیەنراو ناو کاندیدی ژنی تیا نەبوو، هەر بۆیە ژمارەیەك لەڕێکخراوەکانی ژنان کۆمەڵێك چالاکی هەڵوێست ئامێزیان راگەیاند.

بەیان محەمەد عەلی ئەندامی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی بەشداربوویەکی تری سیمینارەکە بوو رایەکی جیاوازی سەبارەت بەدانانی ڕێژەی بەشداربوونی ژنان لەپۆستەکاندا هەبوو ئەو پیتی وابوو کە ئەو درێژەیە سەپێنراوە دانانی ڕێژەی ٢٥% بۆ ژنان لەپۆستەکاندا دەسەڵاتی هێزەکانی ئەمریکا سەپاندیانو دواتر هەوڵدرا لەپەرلەمانو کابینەکانی پێشووی حکومەتی هەرێم کاری پێبکرێ، بەڵام پشتگوێخرا، لەبەر ئەوەیە چاوەڕوانی زیاتری لێ ناکرێ".

رۆڵی ڕێکخراوەکان لەکاندیدکردنی ژنان بۆ پۆستە جیاجیاکان بۆتە مایەی مشتومڕ لەزۆربەی ناوەندە سیاسیو ڕێکخراوەییو راگەیاندنەکاندا. سۆزان عارف پێی وایە پارتەکان شەفافیەتیان نیە لەمامەڵەکردن لەگەڵ ژناندا" متمانەبوون بەو ڕێژە زۆرەی ژنانە لەلیستەکانی هەردوو حیزبو نەبوونی شەفافیەت لەکۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی هەردوو حیزب نەك تەنها لیژنەکانی ناو پەرلەمان بەڵکو ڕێکخراوە مەدەنیەکانیش هیچ چالاکیەکیان نەبوو".

ئەوەی لەو سیمینارەدا رەچاو دەکرا بەشداریکردنی ژمارەیەك لەئەندامانی سەرکردایەتی هەردوو پارتی دەسەڵاتدارە، بەختیار حەیدەر بەنوێنەرایەتی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بەدشاری لەسیمینارەکەدا کردبوو، ئەو لەقسەکانیدا لەگرنگی گرتنەبەری ڕێگەی زانستی بوو بۆ دەستنیشانکردنی کێشەکان "پێویستمان بەوەیە توێژینەوەیەکی زانستی بەبەشداری ژنو پیاو پێکەوە بەگەڕ بخرێ بۆ دروستکردنی ئەو یەکسانیەی کە زۆر غەدری لێدەکرێو قسەی لەسەر دەکرێو کەم کاری بۆ دەکرێ "ئەو هۆکاری کاندید نەکردنی ژنان دەگەڕێنێتەوە بۆ کاری حیزبەکان "هەڵبژاردنی لیستەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەمەی لێکەوتەوە دەبوو حیزبەکان ڕێژەی ژنان زیاتر دابنێن لەلیستەکانی خۆیاندا".

بەیان محەمەد عەلی رایەکی جیاوازی لەرایەکی بەختیار هەیەو دەڵێت "ژنان خۆیان هۆکاری سەرەکی ئەم بارودۆخەن، چونکە ئەو ژنانەی پێشتر پۆستی وەزارەتیان وەرگرتووە نەیانتوانیوە نمونەیەکی زیندوو بەرچاو بدەن بەدەستەوە بۆ پشتگیری کردنی هەڵوێستی ئەمڕۆی ژنان".

عەدالەت عومەر ساڵح راوێژکاریو مافی مرۆڤ بۆ کاروباری ئەنفال هاوڕایە لەگەڵ بەختیارداو دەڵێ "پێموایە نوێنەرانی ئەو حیزبانە چەند رۆژێك لەخۆئامادەکردندان بەر لەوەی بەشداری لەم سیمینارەدا بکەن کە چۆن پاساو بهێننەوە بۆ ژنان. گەر بیانویستایە ژن بەشێوەیەکی عەمەلی بەشداری لەم پرۆسەیەدا نەکات دەیانتوانی ٤ وەزیری ژنیش بەو هەرێم دابنێن"،

ئەو رەخنەی توندی لەپارتەکان راگرتو پێ وابوو کە سۆزان رایەکی دروستی هەیە سەبارەت بەنەبوونی شەفافیەت لەکۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی هەردوو حیزبدا" هەتا کۆبونەوەکانی پیاوانی دەسەڵاتدارانی حیزب لەژوورە داخراوەکاندا بێتو ئافرەتان بەشداری کارای تێدا نەکەنو پیاوان بڕیاریان بۆ بدەن وەزعی ژنان روو لەخراپ بوونە".

نەجیبە مەحمود نوینەری ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت ئامادەبویەکی تری سیمینارەکە بوو ئەویش رای تایبەتی خۆی هەیە لەسەر کارکردنی حیزبەکانو کاندیدکردنی ژنانو دەڵێت "سکاڵاکان ئاڕاستەی ئەو حیزبانە دەکرێت کە لەپەیڕەوو پرۆگرامی خۆیاندا تەئکید لەسەر مافەکانی ژنان دەکەنەوە، بەلاڵم سەرکردایەتیەکەی بڕوای بەمەسەلەی ژنان نیە". ئەو بەسەرسامیەوە باسی لەهەڵوێستی نوێنەرەکەی پارتی دەگرت لەسیمینارەکەدا وتی "مەبەست لەسازدانی ئەم سیمینارە پێداگرتنە لەسەر زانینی هۆکارەکانی بەشدارینەکردنی ژنان لەکابینەی نوێی حکومەتدا، بەڵام نوێنەرەکەی پارتی دەڵێ باس لەهۆکارەکان ناکەمو ناچمە وردەکاریەکانەوە". دواجار نەجیبە جەخت لەوە دەکاتەوە کە تا هۆکارەکان دەستنیشان نەکرێن ناتوانرێت ئەم بارودۆخە هەڵسەنگێنرێتو دەڵێت "ئێمە تا هۆکارەکان نەزانین ناتوانین دەست بخەینە سەر برینەکانو چارەسەریان بکەین".

**نیاز عومەر**